# بەریرە فەرمانی پێکرا عیدەکەی سێ سووڕی مانگانە بێت

له عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «بەریرە فەرمانی پێکرا عیدەکەی* سێ سووڕی مانگانە -سێ حەیز- بێت». *(عیدە: ماوەی چاوەڕوانیکردنی ئافرەت بۆئەوەی جارێکی تر هاوسەرگیری بکات پاش ئەوەی تەڵاقدرا یان گرێبەستەکەی هەڵوەشاندەوە -خولعی کرد- یان پیاوەکەی مرد پاش ئەوەی لەگەڵ پیاوەکە جووتبوون -دخول:جیماع- ڕوویدا بوو، ماوەکەی دەگۆڕێت بە پێی حاڵەتەکان)

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە]

بەریرە خزمەتکاری -کچە بەندەی- عائیشە بوو -ڕەزای خوای لێبێت- ئازاد کرا لە بەندایەتی، وهاوسەری پیاوێک بوو کە ئەویش بەندە -خزمەتکار- بوو بەناوی موغیس، بۆیە بژاردە درا بە بەریرە بەوەی لەگەڵ مێردەکەیدا بمێنێتەوە یان گرێبەستی هاوسەرگیریەکەی هەڵبوەشێنێتەوە؛ بۆیە گرێبەستەکەی هەڵوەشاندەوە، هەروەکو لە فەرموودەکەدا هاتووە فەرمانی پێکرا لە لایەن پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- کە عیدەکەی* سێ سووڕی مانگانە -سێ حەیز- بێت، هەرچەندە هاوسەرگیرییەکەی بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری (فسخ العقد) کۆتایی پێهێندرا، نەک تەڵاقدان بێت، وجیابوونەوەیە لە مێرد کاتێک لە ژیاندایە، نەک مردبێت، وئەو مێردەی بەهۆی جیابوونەوەی لێی عیدەی بۆ دیاریکرا هێشتا لە ژیاندا ماوە وبەندەیە -خزمەتکارە:رەقیقە-. *(عیدە: ماوەی چاوەڕوانیکردنی ئافرەت بۆئەوەی جارێکی تر هاوسەرگیری بکات پاش ئەوەی تەڵاقدرا یان گرێبەستەکەی هەڵوەشاندەوە -خولعی کرد- یان پیاوەکەی مرد پاش ئەوەی لەگەڵ پیاوەکە جووتبوون -دخول:جیماع- ڕوویدا بوو، ماوەکەی دەگۆڕێت بە پێی حاڵەتەکان)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58161

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee